# پەیوەندییەکانی ئێران و عوسمانی/ تورکیا و فاکتەرە کاریگەرەکان

**وریا غەفووری**

**پوخته**

پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئێران بە درێژایی مێژوو، لە سەر ڕکابەری، دژایەتی، کێشە و ئاڵۆزی بنیات نراوە. بوونی کورد لە هەر دوو بەری سنووری نێوان ئەم دوو وڵاتە، بۆتە هۆی خوڵقاندنی بەردەوامی کێشە لە نێوانیاندا. بەکارهێنانی عەشیرەتە کوردەکان دژ بە حکوومەتی ناوەندیی هەر یەک لەم دوو وڵاتە، یەکێک لە مژارە کێشە خوڵقێنەرەکانە. بۆ نموونە هەر لە ساڵەکانی ١٨٩٠ بەملاوە، ئێران، ناڕازیانی ئەرمەنی هانداوە تا ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ داگیر بکەن. لە یەکەم سەرهەڵدانەکانی کورد لە سەدەی بیستەمیشدا بە هەمان شێوە، سنوورەکانیان بۆ دژایەتی یەکدی بەکارهێناوە.

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین تا ڕادەیەک تیشک بخەینە سەر پێوەندییەکانی ئێران و عوسمانی/تورکیا و ئەو فاکتەرانەی

زیاترین کاریگەرییان هەبووە و هەیە لە سەر ئاراستەی ئەم پێوەندییانە و هەر وەها داهاتووی پێوەندییەکان و ئاراستەیان لەم هەل و مەرجە ئالۆز و پڕ کێشمەکێشەی خۆر هەڵاتی ناوەڕاست دا.

وشە سەرەکییەکان: تورکیا- عوسمانی- ئێران- پێوەندیی دیپلۆماسی – کێشەی کورد

## پێشەکی

شیکردنەوەی پێوەندی و سیاسەتی دەرەکیی وڵاتان پێویستی بە زانین و ئاگاداربوون لە سەرجەم داتا و زانیارییەکانی پێوەندیدار بە پێوەندییەکان و فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر ئەم پێوەندییانە هەیە.

سیاسەتی دەرەوە بە کۆمەڵێک کردەوە، بڕیار، ڕەوتار و کردە و دژەکردە دەوترێت کە لە لایەن وڵاتێکەوە لە بەرامبەر وڵاتێکی دی دەگیرێتە بەر. کردەوەکان، بڕیارەکان و ڕەفتارەکان بە لەبەرچاوگرتنی توانایی و کاپاسیتیی ناوخۆی وڵاتەکە دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. بە بێ لەبەرچاو گرتنی توانایی و کاپاسیتی و هەل و مەرجی ناوخۆ، هەر چەشنە سیاسەتێکی دەرەکی پێدەچێت ببێتە هۆی ئالۆزتر بوونی کێشە ناوخۆییەکان.

وڵاتانی ڕوو لە گەشە بە ئامانجی گەشەسەندنی زیاتر، بە گشتی سیاسەتگەلێک پەیڕەو دەکەن کە بەربەستەکانی سەر ڕێی گەشەسەندوویی وەلا بنێت. ئەم بابەتە بەو هۆیەوە گرنگە کە وڵاتان لە پانتاییەکدا خەریکی نواندنی ڕەفتاری سیاسین کە وڵاتانیش دیکە ش هەر لەو پانتاییەدا سیاسەت دەنوێنن. لەم ڕووەوە سیاسەت و کردەوەکانی وڵاتێک کاریگەری لە سەر بڕیار

و ڕەفتاری سیاسیی وڵاتانی دیکە دادەنێت. لە بەر چاو نەگرتنی هەل و مەرج، پێدەچێت بە دۆڕاندنی وڵاتان بشکێتەوە.

ئێران و تورکیا دوو وڵاتی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستن کە سنوورێکی درێژیان پێکەوە هەیە و سیاسەتی دەرەکی و پێوەندییەکان لەگەڵ یەک هەر لە سەرەتاوە تا هەنووکەش جۆرێک ئالۆزی و دژایەتیی تێدا بەدی دەکرێت. ئەم جۆرە پێوەندییە ئالۆزانە کاریگەری لەسەر ناوخۆ و وڵاتانی دەورو پشتی تورکیا و ئێران داناوە.

**ئێران**

ئێران یەکێک لە کۆنترین دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵ. خاوەنی ڕێژەیەکی حەفتا ملیۆنی دانیشتوان و ١٦٤٨ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە ڕووبەری جوگرافییە. ٩٨% دانیشتوانی ئەم وڵاتە موسڵمانن. ئایینزای شیعە بە درێژایی ٥٠٠ ساڵ، ئایینی ڕە سمی و فەرمی ئەم وڵاتە بووە. خاوەنی بەر و بوومێکی دەوڵەمەندە و یەکێک لە هەناردەکارانی نەوتە. ئێران وەک وڵاتێکی ئاست ناوەندی ناوچەکە، کاریگەریی لە سەر سیاسەت و هاوسەنگییەکانی ناوچە و تا ئاستێکیش جیهان داناوە.

ئەم وڵاتە بە هۆی سیاسەتی حکوومەتە تۆتالیتەر و ئۆتۆریتەرە یەک لە دوای یەکەکانی، بە درێژایی ٥٠٠ ساڵی ڕابردوو چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە دا بەردەوام ڕووبەڕووی کێشە و ئالۆزی بووەتەوە و سیاسەتە پەیڕەوکراوەکان لە لایەن کاربەدەستانی ئەم وڵاتەوە، ئالۆزییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی قووڵتر کردووەتەوە. ئێران خاوەنی زیاتر لە ٢٠٠٠ کیلۆمەتر سنووری

وشـکانی و ئـاویی لەگەڵ وڵاتـانی دراوسـێیەتی، لەم بـڕە، ٤٩٩ کیلـۆمەتر سـنووری هاوبەشـی ئێـران و تورکیـایە. هەبـوونی سنوورێکی وەها درێژ بێگومان کاریگەریی لە سەر پێوەندییەکان و بە تایبەت ئاڵۆزبوونی بەردەوامی پێوەندییەکانی ئەم دوو وڵاتە داناوە و دەنێت.

## تورکیا

تورکیا یەکێکی دیکە لە وڵاتانی ئاست ناوەند و ڕوو لە گەشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە کە میراتگری ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییە، بۆیە تا هەنووکەش بەشێکی زۆری سیاسەتەکانی ئەم وڵاتە پشت بە مێژووی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دەبەستێت. تورکیا خاوەنی ٧٠ ملیۆن دانیشتوان و ٧٨٣٥٦٢ کیلۆمەتر ڕووبەری جوگرافییە. وڵاتێکی ئاسیایی- ئەورووپییە و بەم هۆیەشەوە خاوەنی یەکێکە لە هەستیارترین ناوچەکانی جیهان لە ڕووی جیوستراتیژ و جیۆ ئێکۆنۆمیکەوە. بە واتایەکی دی دەراوی ئاسیا بەرەو ئەورووپایە. گەلێک وڵات، هەنارده و هاوردەکانیان لە ڕێگەی تورکیاوە ئەنجام دەدەن. ٩٧%ی دانیشتوانی موسوڵمانن و بە درێژایی زیاتر لە ٥٠٠ ساڵی ڕابردوو ئایینزای سوننە، ئایینی فەرمیی ئەم وڵاتە بووە. هەر ئەمەش وای کردووە لەگەڵ ئێرانی دراوسێی بە بەردەوامی لە ناو جۆرێک لە ئاڵۆزی و کێشمەکێش دا پێوەندییەکانیان بەردەوام بکەن.

**پێشینەی مێژوویی**

پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئێران بە درێژایی مێژوو، لە سەر ڕکابەری، دژایەتی، کێشە و ئاڵۆزی بنیاتنراوە. بە شێوەیەک کە زۆر جار و بۆ نموونە لە نێوان ساڵەکانی ١٦٣٩-١٥١٤, ١٧٢٣-١٧٤٦, ١٧٧٦-١٧٨٠, ١٨١٢-١٨٢٣ ئەم دوو وڵاتە لە شەڕدا بوون. هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حکوومەتی سەفەوی لە ساڵی ١٥٠١ی زایینیەوە بگرە تا ئەم دواییانە، ئەم دوو وڵاتە یان لە شەڕدا بوون، یان چاوەڕوانی دەرفەتێک بوون بۆ ئەوەی جیاوەک و ئیمتیاز لە یەکدی وەربگرن. لە سەدەی بیستەمی زایینیشدا، پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئێران، پاش واژۆکردنی پەیمانی «سەعدئاباد»(١٩٣٧)، گۆرانکارییەکی جیددی بەخۆوە بینی و بە واژۆکردنی پەیمانگەلێک وەک پەیمانی بەغدا، سەنتۆ، ئار سی دی و ئێکۆ، جارجارە پێوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی نێوان دوو وڵات گەشەی سەندووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش «کێشەی کورد» و «کێشەی ئایینی»، وەک دوو سەرچاوەی بێ بڕانەوەی قەیران، هەر جارە و بە شێوەیەک ئاڵۆزیی خستۆتە نێوان ئەو دوو دراوسێ کۆنە. پۆلێن کردنی کێشەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە بۆ «کێشە سنوورییەکان» و «پێوەندیی دیپلۆماتیک لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەی هەرێمەکە»، بۆ تێگەیشتنێکی ئاسانتری مژارەکە یارمەتیدەرمان دەبێت.

بوونی کورد لە هەر دوو بەری سنووری نێوان ئەم دوو وڵاتە، بۆتە هۆی خولقاندنی بەردەوامی کێشە لە نێوان تورکیا و ئێراندا. بەکارهێنانی عەشیرەتە کوردەکان دژ بە حکوومەتی ناوەندیی هەر یەک لەم دوو وڵاتە، یەکێک لە مژارە کێشە خولقێنەرەکانە.

بـۆ نمـوونە هەر لە سـاڵەکانی ١٨٩٠ بەمـلاوە، ئێـران، ناڕازیـانی ئەرمەنـی هانـداوە تـا ڕۆژهەڵاتـی ئانـادۆڵ داگیـربکەن. لە یەکەم سـەرهەڵدانەکانی کورد لە سـەدەی بیستەمیشدا بە هەمـان شێوە، سنوورەکانیان بۆ دژایەتی یەکدی بەکارهێناوە.

داگیرکردنی ئێران لە لایەن یەکێتی سۆڤیەت دەرفەتی باشـی بـۆ کوردەکانی ئەم وڵاتە خوڵقاند تـا حکوومەتی سـەربەخۆ پێکبهێنن. سـەرکەوتنی شۆڕشـی سـاڵی ١٩٧٩ی زایینـی و سـەرهەڵدانەوەی ئـاڵۆزی و پشـێوی لە نـاو ئێـران، دیسـان دەرفەتـی بە کـوردە ناڕازییەکـان دا کە هەوڵـی گەیشـتن بە مافەکانیـان بـدەن و بەم شـێوە، هاوکـات لەگەڵ پەرەسـەندنی هەسـتی ناسیۆناڵیسـتیی کـوردان لە ئێران، نیگەرانییەکـانی تورکیـاش قـات بە قـات زیـادی کردووە.

لەگەڵ ڕووخـانی یەکێتیـی سـۆڤییەت و کۆتـایی هـاتنی جیهـانی دوو جەمسەری، مەترسیی کاریگەریی سۆڤییەت لە سـەر ئێران و کاریگەرییەکـانی لەسـەر پێوەنـدییەکانی ئێـران و تورکیـا کۆتـایی پێهات، بەڵام سەرەڕای ئەوەش نیگەرانیی تورکیا لەمەڕ پێکهاتنی دەوڵەتێکی کـوردی، هەر بەردەوامە. نیگەرانییەک کە بە هێرشـی ئەمریکا بۆ عێراق و کێشەی ئەتۆمیی ئێران، پێی ناوەتە قۆناخێکی ترەوە و گرنگییەکی تایبەتی پەیداکردووە.

پـاش دوایـین شـەڕی ئێـران و عوسـمانی لە سـاڵی ١٨٢٣ی زایینی، گرنگترین نیگەرانیی تورکیا، کاریگەریی یەکێتیی سۆڤیەتی جـاران و ڕووسـیای نـوێ لە سـەر ئێـران و ڕەنگـدانەوەی لە پێوەندییەکانی نێوان ئێران و تورکیا بووە. لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەوە، تورکیا بە دوو هۆکار، ئێرانی بە مەترسی زانیوە. یەکەم زیـادبوونی حەشـیمەتی شـیعە لە عێـراق و دووهەم بەکارهێنـانی

ناڕازیـانی ئەرمەنـی لە لایەن ئێـرانەوە ، کە ئەو کـات لە سـەر سنوورەکانی تورکیای عوسمانی جێگیربوون.

لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی ، ئێران لە لایەن رووسـیا و بەریتانیـاوە داگیرکـرا. هاوکـات ئەڵمانیـاش لە هەوڵـی ئەوەدابوو کە وڵاتانی موسوڵمان دژ بە بەریتانیا بوروژێنێ. بە درێژایی جەنگی یەکەمی جیهانی ، عوسمانی هەوڵی دا کە رێگە نەدات ئێـران بکەوێـتە ژێـر کـاریگەریی یەکێتیـی سـۆڤیەت یـان بەریتانیـا و هاوکـات دژایەتـی خـۆی لەگەڵ هەر چەشـنە ئۆپەڕاسـیۆنێکی سـەربازی لە خـاکی ئێـران دژ بە وڵاتـانی تـر دەردەبڕی و لەوەش گرنگتر، هەوڵی زۆری دا کە برەوی خۆی لە نـاوچە کـورد و ئـازەری نشـینەکانی ئێـران پەرە پێبـدات و کاریگەریی لە سەر ئاراستەی سیاسی ئەم هەرێمانە هەبێت. بەڵام لە ١٩١٨ و دوای کۆتـایی شـەڕ، عوسـمانی یەکێـک لە شکسـت خواردووەکانی شـەڕ دەرچـوو کە لە کۆتاییدا بە قازانجی ئێـران تەواو بوو. هەر بۆیە لە «سـیڤەر»، ئێرانیش یەکێک لەو وڵاتـانە بوو کە داوای خاکی لە تورکیا کرد.

دواتـر مسـتەفا کەمـاڵ و ڕەزا خـان، پێوەنـدیی باشـیان پێکەوە دانـا و لە سـەر هەنـدێک بنەمـا و ئامـانجی هـاوبەش، بـۆ نمـوونە دژایەتیکردنی بەریتانیاو یەکێتیی سۆڤیەتیشیان وەک هاوپەیمانی کـاتیی خۆیـان هەڵبـژارد، بەڵام سـەرەڕای پەرەسـەندنی پێوەنـدیی دۆسـتانەی نێـوان تـاران و ئەنـقەرە، کێشـەی کـورد و کێشـەی سـنووری نێـوان دوو وڵات، هەر وەکـوو پێشـوو گرنگـی خـۆی پاراست.

سـاڵانی ١٩٢٠ لە کاتێکـدا کە تورکیـا نیگەرانـی کـاریگەریی نێگەتیڤی یەکێتیی سۆڤیەت لەسەر ئێران و دابەشبوونی ئەو وڵاتە

بە سەر چەند دەوڵەت - نەتەوەی جیاواز بوو، ئێران نیگەرانی پەرەسەندنی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و یەکێتیی سۆڤیەت بوو. کاتێک ڕەزاخان بوو بە سەرۆکی ئێران، پێوەندییەکانی نێوان تاران و ئەنقەرە پەرەی سەند. ڕەزا خان، بە مەراقەوە لە ڕیفۆرمەکانی مستەفا کەماڵی دەڕوانی و ئاواتی بنیاتنانی دەوڵەت-نەتەوەیەکی هاوشێوەی تورکیای هەبوو.

لەم سەردەمەدا، حکوومەتی ناوەندیی تورکیا لە بەرامبەر کوردانی ناڕازی هێزی سوپا بەکار دەهێنێت. هەر لەو چوارچێوەدا، شەڕ و پێکدادان، جار و بار تەشەنە دەکاتە ئەودیوی سنوورەکان و زۆر جاردەبێتە هۆی ئاڵۆزی لە نێوان ئێران و تورکیادا. لە ١٩٢٦ تورکیا و ئێران، لە شاری تاران، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکان و هاوکاری لە بواری ئاسایشی دا پەیمانێک واژۆ دەکەن. لە خاڵی شەش دا باس لەوە کراوە کە دوو وڵات، هەر چەشنە هەوڵدانێکی عەشیرەتەکانی نیشتەجێی سەر سنوور واتا کوردەکان دژ بە ئاسایشی تورکیا و ئێران، بە تاوان لە قەڵەم دەدەن و بە توندی سەرکوتی دەکەن. ئەگەرچی ئەو پەیمانەش نەیتوانی سەرهەڵدانی کوردان لە هەر دوو دیوی سنوور کۆتایی پێبهێنێت، بەڵام گرنگییەکی تایبەتی لە پێوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان تاران و ئەنقەرە هەبووە.

سێهەمین شۆڕشی ناسراو بە «شۆڕشی ئاگری» لە ١٩٣٠، بوو بە هۆکاری سەرهەڵدانی قەیرانی دیپلۆماتیک لە نێوان ئێران و تورکیا. شۆڕشگێڕە کوردەکان، دوابەدوای هەر هێرشێکی سەربازانی ئەرتەشی تورکیا، پەنایان بۆ ئەودیوی سنوور و داوێنی چیای ئاگری بچووک دەبرد و بەم شێوە لە گرتن و کوشتن ڕزگاریان دەبوو. بەڵام سەرئەنجام تورکیا بە

داگیرکردنـی ئـاگریی بچـووک، کۆتـایی بە شۆڕشـەکە هێنـا. دوابەدوای ئەو شۆڕشە، ئێران و تورکیا رێککەوتن کە ناوچەکانی دەوروپشـتی ئـاگریی بچـووک بـدرێتە تورکیـا و لە جیـاتی ئەوە ڕووبەرێکی بە پیت لە ناوچەی قەتوور، بدرێتە ئێران. بەم شێوە چارەسـەرییەکی کـاتی بـۆ کێشـەکانی سـنووری دوو وڵات دۆزرایەوە. چەنـد سـاڵ دواتـر و لە ٨ی ئـابی ١٩٣٧، پەیمـانی سەعدئاباد لە نێوان ئێران، عێراق، تورکیا و ئەفغانستان واژۆکرا و چـوار وڵاتـی دراوسـێ، بەڵێنیـان بە یەکتـردا کە «دەسـت لە کاروبـاری نـاوخۆی یەکتر وەرنەدەن،ڕێز لە سنوورەکانی یەکتر بگـرن، هێـرش نەکەنە سـەر یەکتـر و بەرامـبەر بە هەرچەشـنە هەوڵێکـی دوژمنکـارانە دژ بە حکـوومەتی ناوەنـدیی ئەو وڵاتـانە هەڵوێسـت بگـرن»، پەیمانێـک کە لەگەڵ دەسـتپێکردنی جەنگـی دووهەمـی جیهـانی، دیسـان ڕێگـای تورکیـا و ئێرانـی لێـک جـوداکردەوە. هاوکـات لەگەڵ داگیرکردنـی ئێـران لە لایەن هاوپەیمانـان، لە ١٩٤١ تـا ١٩٤٧ پێوەنـدییەکانی ئێـران و تورکیـا تووشـی وەسـتان هـات. گرنگترین نیگەرانیی ئەو کـاتی تورکیـا، مانەوەی هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ناو خاکی ئێران بوو، هەر بـۆیەش پێـداگریی تونـدی لە سـەر یەکپـارچەیی خـاکی ئێـران و سـەربەخۆمانەوەی ئەو وڵاتە و دوورکەوتـنەوەی لە یەکێتیـی سـۆڤیەت دەکـرد. ئەو سـەردەمە، هەم ئێـران و هەم تورکیـا بە شێوەیەک سۆڤیەتییان بە مەترسی بۆ سەر خۆیان دەزانی و هەر بۆیەش هەوڵییان دەدا پێوەندییەکانیان لەگەڵ بلـۆکی ڕۆژئـاوا پەرە پێبـدەن. بەڵام سیاسـەتەکانی حیزبی چەپگەرای تـوودە، ڕێگری لەو هەوڵانە دەکـرد. هاوکـات لەگەڵ خۆمـاڵیکردنی پیشەسـازیی نەوت لە ئێران، تورکیا لایەنی بەریتانیای گرت و بەم هۆیەشـەوە

شەڕێکی میدیایی لە نێوان تاران و ئەنقەرە سازبوو کە بوو بە هۆی ساردبوونەوەی پێوەندییە دوو قۆڵییەکان. پاش تێکڕووخانی حکوومەتی موسەدەق، محەممەد ڕەزا شای پەهلەوی، پێوەندییە قەیراناوییەکانی نێوان تورکیا و ئێرانی سەر لە نوێ ژیاندەوە و بە واژۆکردنی پەیمانی سێنتۆ لە ١٩٥٩ و لە ژێر کاریگەریی ئەمریکا، قۆناخێکی نوێی لێکنزیکبوونەوە لە نێوان تاران و ئەنقەرە دەستپێکرد. ئێران چاوەڕوانی دەکرد کە سێنتۆ وەکوو ناتۆ بەرفراوان و بەهێز بێ، بەڵام هەم تورکیا هاوپەیمانی نوێتری دۆزییەوە و هەم ئەمریکا گرنگی کەمتری بە پشتیوانی لە سەقامگیر بوونی پەیمانەکەدا و هەر بەم هۆکارانە، سینتۆ بەرە بەرە بەرەو لاوازی و فەرامۆشی ڕۆیشت و جێی خۆی دا بە پەیمانێکی تر بە ناوی «ئار سی دی» کە لە نێوان تورکیا، ئێران و پاکستان واژۆکرا، پەیمانێک کە زیاتر پێوەندییە ئابوورییەکانی بە بنەما دەگرت، نەک بابەتە ئاسایشی و سیاسییەکان.

### لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە تا شەڕی یەکەمی کەنداو(١٩٧٩-١٩٩١)

دامەزراندنی کۆمار لە ئێران، سەرەڕای ئیسلامی بوونی، لە لایەن تورکیای عەلمانیەوە پێشوازی لێکرا و هەر بۆیەش ئەنقەرە بێ ئەوەی کات بە فیڕۆ بدات، ڕۆژی ٣ی شوباتی ١٩٧٩، حکوومەتی نوێی ئێرانی بە فەرمی ناسی. تورکیا باش دەیزانی کە ئەو ڕێژە ٩٨% دەنگی «بەڵێ»یان بە ریفراندۆمی «کۆماری ئیسلامی» داوە، ڕوانگەیەکی هاوبەشیان سەبارت بە ناوەڕۆکی حکوومەتە تازە دامەزراوەکە نییە. تورکیا دەیزانی کە گرووپەکانی بەشداری شۆڕش، هەر یەک، خوێندنەوەی تایبەت بە

خـۆی لە سـەر«کۆمـار» و «ئیسـلام» هەبـوو. دوای شـۆڕش، ئەگەرچـی هەمـوو چـاودێرانی عـەلمانی و لایەنگری ڕۆژئـاوا، بە تایبەت بە جەختکردنەوە لە سەر هاوپەیمانیی تورکیا و ئەمریکا، پێشبینی دارمانی پێوەندییەکانی نێوان تاران و ئەنقەرەیان دەکرد، بەڵام بە پێچەوانەوە پێوەندییەکانی نێوان دوو وڵات، بە تایبەت لە بواری ئابووریدا پەرەی سەند.

کودەتـای سـەربازیی ١٢ی ئەیلـولی ١٩٨٠ ی تورکیـا، دیسـان ژەنەراڵەکانی کردە دەسەڵاتداری تورکیا و کەمالیزم سەر لە نوێ ژیـایەوە. هاوکـات لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییـانە، ئێـرانیش هەر وەک پێشـوو لە هەوڵـی هەنـاردە کردنـی شۆڕشـەکەی خۆیـدابوو. لە لایەک تورکیـا نیگەرانـی سـەرهەڵدانی شۆڕشـێکی ئیسـلامی لە وڵاتەکەی بـوو و لە لایەکـی تـرەوە، ئێـرانیش بە سـەرنجەوە بەدواداچـوونی بۆ بووژانەوەی حکوومەتی کەمالیسـتی تورکیـای دەکرد.

لەو سـەردەمەدا ئێـران، تورکیـای بە پشـتیوانی کـردن لە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵق تۆمەتبار دەکرد و بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە ئەنـدامانی ئەو ڕێکخـراوە لە تورکیـای وەک بەڵـگە بـۆ بانگەشـەکانی دەهێنـایەوە. لەم لاشـەوە تورکیـا، ئێرانـی بە پشتیوانیی لە گرووپە ڕادیکاڵە ئیسلامییەکانی ئەو وڵاتە تۆمەتبار دەکرد و هاوکات بە پڕوپاگەندەی ئێرانییەکانی دانیشتووی تورکیا و هەوڵـدان بـۆ ڕاکێشـانی سـەرنجی بیـروڕای گشـتی بـۆ سـەر شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانی بە هەوڵدان بۆ هەناردەکردنی شـۆڕش تۆمەتبار دەکرد.

«کێشەی کورد» یەکێکی تر لە خاڵە گرنگەکانی پێوەندیی نێوان ئێران و تورکیایە. یەکێک لە نیگەرانییە بەردەوامەکانی تورکیا

گەیشتنی کوردە لە هەر پارچەیەکی کوردستان بە پێگەیەک و بەرەو چارەسەر ڕۆشتنی پرسەکەیەتی. ئەو نیگەرانییەی تورکیا، هاوکات لەگەڵ داگیرکردنی ئێران لە لایەن عێراق و دەستپێکردنی شەڕی ئێران و عێراق زیاتربوو. حکوومەتی ئەوکاتی تاران، دیسانەوە سیاسەتی کلاسیکی حکوومەتەکانی پێش خۆی لە بەرامبەر بەغدا، واتا پشتیوانی لە کوردانی دژبەری بەغدا و بەکارهێنانی کارتی کورد بە مەبەستی گوشار خستنە سەر عێراقی، پەیڕەو کرد. ساڵێک پاش دەستپێکردنی شەڕ، کوردەکان بە پشتیوانیی ئێران، کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری باشووری کوردستانیان کرد. ئەمەش بەرەیەکی تری جەنگی بۆ ئێران کردەوە و ئەمجار چەکدارانی ئێرانی، لە باشوورەوە هەوڵی زەبر وەشاندنیان لە ئەرتەشی عێراق دەدا. پشتیوانیی ئێران لە کوردەکانی باشوور، تورکیای زۆر تووڕە کرد. بە تایبەت یەکگرتوویی کوردەکان و گوێڕایەڵییان بۆ ئێران لە ساڵی ١٩٨٦ی زایینی، نیگەرانییەکانی تورکیای چەند قات کرد.

کێشەی کورد وەک فاکتەرێک بەردەوام توانای شێواندنی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و تورکیای هەبووە. لاوازبوونی ڕۆژ بە ڕۆژی دەسەڵاتی بەغدا لە کوردستان و هەوڵەکانی دواتری سەددام بۆ کۆنترۆڵی دووبارەی هەرێمەکە، هاوکێشەکەی ئەوەندەی تر مەترسیدار کرد.

جگە لە نیگەرانی لە بەرامبەر دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردی لە باشوور، تورکیا مەترسی ئەوەشی لا دروست ببوو، کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی «مەسعوود بارزانی» یان بە تایبەت «یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان» بە ڕێبەریی «جەلال تاڵەبانی»، پشتیوانی لە پارتی کرێکارانی کوردستان بکەن. تورکیا

بۆ ڕێگری کردن لە بە کردەوەیی بوونی ئەو گریمانەیە، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٣ بۆ ١٩٨٧، چەندین جار هێرشی کردە سەر کوردستانی باشوور. بەرزبوونەوەی ڕێژەی هێرشەکان، ڕەفسەنجانی هان دا کە بڵێ «مەبەستی تورکیا لەو هێرشانە، ڕێگەخۆشکردنە بۆ داگیرکردنی سەرچاوە نەوتییەکانی کەرکووک». بە وتەی «ڕۆبێرت ئۆڵسۆن»یش، نیگەرانیی ئێران، لە داگیرکردنی کوردستانی باشوور لە لایەن تورکیاوە بریتی بوو لە کەمبوونەوەی نفووزی خۆی لەو هەرێمەدا.

سولەیمان دەمیرەلی سەرۆک کۆماری تورکیا لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی حورییەت گوتبووی کە «سنوورەکانی تورکیا و عێراق، ڕێک لەو شوێنەوە دەستپێدەکەن کە نەوت کۆتایی پێدێت. ئەو سنوورەی ئێستا، سنوورەکانی میساقی میللی نییە. ویلایەتی موسڵ لە لۆزان دراوە بە عێراق، بەڵام تورکیا ئێستاش بە خاکی خۆی دەزانێ». لێدوانی لەو چەشنە ئێرانی گەیاندبووە ئەو قەناعەتە کە هێرشە بەردەوامەکانی تورکیا بۆ کوردستانی عێراق ئەگەرچی بە بیانووی بوونی بنکە و بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانە، بەڵام لە بنەڕەتدا بۆ داگیرکردنی ویلایەتی موسڵ و سەرچاوە نەوتییە دەوڵەمەندەکانی ئەو هەرێمەیە.

نیگەرانییەکی تری تورکیا، هێرشی چەکدارانی ئێرانی بۆ سەر هێڵی گواستنەوەی نەوتی کەرکووک بۆ تورکیا بوو. بەڵام دواتر و بە گرنگیدانی ئێران بە بەرەی باشوور لە شەڕ لەگەڵ ئەرتەشی عێراق، تورکیای لەمبارەوە ئاسوودە کرد. لە لایەکی دیکەشەوە، شەڕی ئێران و عێراق و جگە لە کەمبوونەوەی دەسەڵاتی بەغدا لە کوردستان، لە باری ئابووریشەوە زیانی بە تورکیا دەگەیاند، لە لایەک زۆربەی ڕێگەکانی هەناردەکردنی کاڵا بۆ عێراق

بەسترابوون و لە لایەکی تریشەوە شەڕ زیانی بە هێڵی ئاسنینی گواستنەوەی کاڵا لە نێوان ئێران و تورکیا دەگەیاند.

کێشەیەکی تر کە ئەمجار لە نێوان تورکیا و ئێران سەریهەڵدابوو، هێرشی پەکەکە لە سنوورەکانی ئێرانەوە بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی تورکیا بوو. ئەگەرچی ئەوکات ئێران بەڵێنی دا کە نەهێڵێت کەس لە سنوورەکانییەوە هێرشی تورکیا بکات، هەرچەندە هێرشەکان ناوەناوەڕادەوەستان، بەڵام هەرگیز کۆتاییان پێنەهات. لەوەش گرنگتر لە نەوەدەکان، مژاری پشتیوانیی لۆجیستیکی ئێران لە پەکەکە، بەردەوام لە ڕۆژەڤی وتووێژەکانی نێوان ئێران و تورکیادا بوو.

لە شەڕی ئێران و عێراقدا، تورکیا بێ لایەنی هەڵبژارد. ئاکامی هەرە گرنگی شەڕ، فەرامۆشکرانی کێشەی ئایدۆلۆژیکی نێوان ئەنقەرە و تاران، لانیکەم بە شێوەی کاتی بوو. لەم ماوەیەدا، تورکیا پێویستی زۆری بە نەوت هەبوو و هاوکات ئێرانیش بۆ هاوردەکردنی کاڵا سەرەکییەکان، پێویستی بە تورکیا بوو. بێ ئەوەی کەس سەرنج بداتە ئەو هێڵە ئابوورییە، تا ساڵی ١٩٨٥ ئاستی بازرگانیی نێوان دوو وڵات گەیشتبووە زیاتر لە ٢ ملیار دۆلار. هەر لە سەر بنەمای ئەو گەشەکردنە لە بازرگانیی نێوان دوو وڵاتدابوو کە لە ١٩٨٥، ڕێکخراوی «ئێکۆ» بە دەستپێشخەریی دوو وڵات دامەزرا.

### لە کۆتایی شەڕی ئێران و عێراقەوە تا ساڵی ١٩٩٧

کۆتایی هاتنی شەڕ، جارێکی تر کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان دوو وڵاتی زیندووکردەوە و بە هۆی سروشتی کێشەکان، جارێکی تر سەهۆڵبەندانێکی خستەوە پێوەندیی نێوانیان. تەنیا

هۆکارێک کە ڕێگریی لە پچڕانی یەکجاریی پێوەندییەکانی نێوان تاران و ئەنقەرە دەکرد، پێویستیی ئابوورییان بە یەکدی بوو کە ئەویش لە کۆتایی هەشتاکان کۆتایی پێهات و هەر بۆیەش دیسان جیاوازیی ڕوانگەی ئایدۆلۆژی و کێشە ئاسایشییەکان، سەریان هەڵدایەوە. لە ڕوانگەی ئێرانەوە، تورکیا ئیتر تەنیا ڕێگەی ترانزیتی کاڵا و تەنیا ڕێگەی گرێدرانی بە دنیای دەرەوە نەبوو. جگە لەوە ئێران لە هاوردەکردنی کاڵای بێ کوالیتی و خراپی تورکی وەڕز ببوو. هەر بۆیەش بۆ بووژاندنەوەی دووبارەی ئێرانی پاش شەڕی ماڵوێرانکەر، دەرفەت بە کۆمپانیا تورکییەکان نەدرا. لەبەرامبەردا تورکیاش چیتر کێشەی دراوی بیانی نەمابوو و ڕەوشی ئابووریی بەو ڕادە گەیشتبوو کە لە باتی مامەڵەی کاڵا بەرامبەر بە نەوت، ڕاستەوخۆ نەوت لە وڵاتانی تر بکڕێت. هەر بۆیە تورکیا ڕووی کردە بازاڕی وڵاتانی عەرەبی و بەم شێوە ڕێژەی ٢ ملیاری بازرگانیی نێوان ئێران و تورکیا لە سەردەمی شەڕ، بۆ ئاستی کەمتر لە ١٠%ی ئەو ڕێژەیە دابەزی. دواتر هەندێک لێدوانی ژەنەراڵ کەنعان ئەڤرەن سەبارەت بە خومەینی، پێوەندییەکانی دوو وڵاتی بەرەو ساردییەکی زیاتر و قەیرانێکی ٧ مانگە برد. پەرەسەندنی پێوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئیسرائیل و واژۆکردنی پەیمانگەلی سەربازی لە ١٩٩٦، هێندەی دی زیانی لە پێوەندییەکانی ئەنقەرە و تاران دا. ئێرانیش بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کەلێنە و بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسییە نوێیە، پێوەندییەکانی لەگەڵ سوریا چڕتر کرد.

هۆکارێکی تری قووڵبوونەوەی کێشەکانی نێوان دوو وڵات، دەنگۆی بەردەوامیی پشتیوانیی ئێران لە پارتی کرێکارانی کوردستان بوو. لە کۆتاییەکانی ١٩٩٠، گەمییەکی ئێرانی بە ئاڵای

قــوبروس، کە هەڵگــری چەک وتەقەمەنــی بــوو، بەو بیــانووەوە کە ئەگەری ڕادەســـتکردنی ئەو چەکـــانە بە پەکەکە هەیە، دەســـتی بەسەردا گیرا و ئەمەش قەیرانێکی دیپلۆماتیکی ٦ مانگەی لە نێوان دوو وڵات ســازکرد. لە لایەکــی تریشــەوە، ســەرەڕای ئەوەی کە هیچ ڕێککەوتنێک لەمبارەوە لەگۆڕێدا نەبوو، لە مانگی ئابی ١٩٩٢، تورکیا لە شوێنکەوتنی چەکدارانی پەکەکەدا، سنووری ئێرانی بە قــووڵایی ٤ کیلــۆمەتر بەزانــد. نــاڕەزایەتی دەربڕینــی ئێــران بە پێشێلکاریی سنوورەکانی لە لایەن تورکیاوە  بە هێنانە بەر باسی فەرمیی دەنگۆی پشتیوانیی لۆجیستیکیی تاران لە پەکەکە وەڵام درایەوە. ئێران وەک جارەکانی پێشــوو نەک تەنیا بانگەشــەکانی ڕەتکردەوە، بەڵکوو لە ئەیلولی ١٩٩٢دا، ڕێککەوتنێکی ئاسایشــی لەگەڵ تورکیــا واژۆکــرد و بەڵێنــی دا کە بــۆ بەرەنگــاری پەکەکە، یــارمەتیی تورکیــا دەدات و ئاسایشــی ســنوور دەپــارێزێ و بەم شــێوە، بــۆ جــارێکی تــر و تــا مــاوەیەکی تــر، ئــاو بە ئــاگرداکرا و پێوەندییەکان ئاسایی بوونەوە.

لە بەرامبەردا، ئێران،  تورکیای بە داڵدەدانی دژبەرانی خۆی تۆمەتبـــار دەکـــرد. بە تـــایبەت دەستبەســـەرنەکردن و ڕادەســتنەکردنەوەی ئەنــدامانی موجاهیــدینی خەڵــق، گومانەکــانی ئێرانی زیاتر دەکرد. لە ١٩٩٢ ئێران دەستی بە قۆڵبەست کردنی هەندێک لە ئەندامانی پەکەکە و ڕادەستکردنەوەیان بە تورکیا کرد. لەگەڵ سەردانی  دەمیرەل بۆ تاران لە ١٩٩٤، پێوەندییەکانی دوو لایەن پتەوتــر بــۆوە. پتەوبوونێــک کە جــار ناجارێــک بە هەمــان بیــانووگەلی هەمیشــەیی، تورکیــای لە ئێــران دەتۆرانــدەوە. لەو سەردەمەدا، ئێرانیش نیگەرانی پەرەسەندنی پێوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و تورکیا بوو.

پـاش ئەوەی کە «نەجمەدیـن ئەربەکـان» سـەرۆکی پـارتی ئیسـلامگەرای «ڕەفـاه»، وەک بـراوەی هەڵبژاردنـی پارلەمـانی زستانی ١٩٩٥ ڕاگەیاندرا، بۆ جارێکی تـر، پێوەندییەکانی تاران و ئەنـقەرە گـوڕ و تینـی بە بەردا هـاتەوە. تـاران بە هەڵوێسـتەکانی ئەربەکان لە مەڕ دژایەتیی ئەمریکا و ڕێکخراوەگەلێک وەک ناتۆ و جی هەشـت (G-8) و لایەنگیری بەرامبەر بە شۆڕشـی ئیسـلامیی ئێران، دڵخۆش بوو. ئەربەکان هەروەها لە سـەر ئەو بڕوایە بـوو کە «دەنگـۆی پشـتیوانیی ئێـران یـا سـوریا لە پەکەکە، تەنیـا پڕۆپاگەنـدەی CIA یە بـۆ ئەوەی پێوەنـدییەکانی نێـوان وڵاتـانی ناوچەکە بشێوێنێ».

### پێوەندییە ستراتیژیک و ژێۆستراتیژیکییەکانی نێوان تاران و ئەنقەرە

دوای کۆتـایی هـاتنی شـەڕی سـارد، فـاکتۆرگەلێکی نـوێ لە هەرێـمەکە هـاتنە مەیـدان. شـەڕی یەکەمـی کەنـداو و تێکڕمـانی یەکێتیی سۆڤیەت، پێوەندییەکانی دوو وڵاتی هێنایە ناو قۆناخێکی تر. دوای شەڕی یەکەمی کەنداو، کوردەکانی باشووررڕاپەریبوون و هەوڵی کۆنترۆڵی ناوچە کوردستانییەکانیان دابوو. حکوومەتی سەددام حوسـێنیش بە دڕندانەترین شـێوە، شۆڕشـی کوردەکانی سـەرکووت کـرد و لە هەر چەشـنە چەک و چـۆڵێکی قـورس و سووک کەڵکی وەرگرت بۆ ئەوەی شکست بە کوردەکان بهێنێت. ئەمەش بوو بە هۆی کۆڕەوی سەدان هەزار کورد و پەنابردنیان بـۆ تورکیا و ئێران. لە ئاکامی ئەو تراژیدیا مرۆییەدا، ئەمریکا و هاوپەیمانـانی بڕیاریـان دا کە هەرێمێکـی دژە فـڕین لە سـەر

ئاسمانی هێڵی ٣٦ پێکبهێنن، بەڵکوو بەم چەشنە کوردەکانی ئەو وڵاتە لە هێرشەکانی سەددام بپارێزن.

هەر دوو حکوومەتی ئێران و تورکیا نیگەرانی ڕووخانی حکوومەتی عێراق و پێکهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بوون، هەر بۆیەش جگە لە پێداگریی بەردەوامیان لە سەر یەکپارچەیی خاکی عێراق، دەستیان کرد بە هاوکاریی ئەم دەوڵەتە. پێکهاتنی هەرێمێکی نیوە ئۆتۆنۆم لە باکووری عێراق، بەردەوام نیگەرانییەکانی تورکیا و ئێرانی زیاتر دەکرد. لە لایەک بوونی ئەمریکا و بنکە سەربازییەکانی لە تورکیا، ناڕاستەوخۆ یارمەتیدەری بەردەوامیی ئارامی و بەهێزبوونی کوردەکان لە عێراق بوو، لە لایەکی دیکەوە، پەکەکە دەرفەتەکەی قۆستبۆوە و هێرشەکانی بۆ سەر تورکیا زیاتر کردبوو و لە لایەکی تریش ئێران بەردەوام هەڕەشەی هێرشکردنە سەر کوردە ئێرانییەکانی جێگیر لە هەرێمی کوردستانی دەکرد. سەرجەم ئەو فاکتەرانە، ببوونە هۆی لێکنزیکبوونەوەی ئێران و تورکیا، لانیکەم لە بواری ئاسایشی و پێشگرتن لە ئەگەری دامەزراندنی هەر چەشنە قەوارەیەکی کوردی لە هەرێمی کوردستان.

لە مانگی شوباتی ١٩٩٩، کاتێک کە «عەبدوڵا ئۆجالان»، سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان، قۆڵبەست و ڕادەستی تورکیا کرایەوە، زنجیرەیەک خۆپێشاندان دژ بە تورکیا لە ناوخۆی ئێران ئەنجام درا و ناڕەزایەتیی توندی ئەنقەرەی لێکەوتەوە. هەر لەو ماوەیەدا، جگە لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، پەکەکە لە سنوورەکانی ئێرانیشەوە هێرشەکانی بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی تورکیا دەستپێکردەوە. هەر بۆیەش پاش کۆمەڵێک چاوپێکەوتنی بەرپرسانی سیاسی و سەربازیی

ئێران و تورکیا، لە ساڵی ٢٠٠٠ بڕیار درا کە ساڵانە لانیکەم دوو جار، وەزیرانی دەرەوە یاخود ڕاوێژکارانی وەزارەتی دەرەوەی دوو وڵات کۆببنەوە و سەبارەت بە ئاسایشی سنوورەکان و نیگەرانییە هاوبەشەکانی نێوان تاران و ئەنقەرە وتوویژ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا بکەن.

دوای هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، گۆڕانکارییەکی نوێ بە سەر هاوکێشە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دا هات. هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و لەناوبردنی حکوومەتی سەددام، لە لایەک خزمەت بە ئێران و لەناوبردنی یەکێک لە دوژمنانی ئەو وڵاتە بوو و لە لایەکی دیکەشەوە، بە شێوەیەک لە شێوەکان، ئەمریکای کردە دراوسێی ئێران و هەوڵەکانی واشنتۆن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەکانی کۆنترۆڵ کردنی ئێران، ئاراستەیەکی جیاوازی پەیدا کرد.

تورکیا دوای ڕووخانی حکوومەتی سەددام ئەمجار نیگەرانیی ئەوەی لا پەیدابوو کە ئەگەر بێت و ئەمریکا هەوڵەکانی بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی ئێران چڕتر بکاتەوە و حکوومەتێکی ناوەندیی لاواز لە تاران پێکبێت، ڕێگە بۆ پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کورد لە ناوخۆی ئێران خۆشدەکات و بەم شێوە ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی زیاتر دەبێ.

تورکیا وای بۆ دەچێت کە ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بڕووخێ و حکوومەتێکی لایەنگری ئەمریکا لە تاران پێکبێت، ئەنقەرە قازانجی لێ نابینێ.

## کێشەی ئەتۆمی و کاریگەریی لەسەر پێوەندییەکانی ئێران و تورکیا

پاش ئەوەی کە موجاهیدینی خەڵقی ئێران، لە ساڵی ٢٠٠٢، هەندێک دامەزراوەی شاراوەی ئەتۆمیی ئێرانی ئاشکرا کرد، ئەمریکا گوشارەکانی بۆ سەر ئێران زیاتر کرد و ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمیش بوو بە فاکتۆرێکی گرنگ لەو قەیرانە سیاسییە نوێیەدا. سەرۆک کۆماری ئەو کاتی ئێران، سەید محەمەد خاتەمی، سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣، قەبووڵی کرد کە وڵاتەکەی هەوڵی پیتاندنی یۆرانیۆمی داوە. ئەلبەرادەعی، سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم، ڕایگەیاند کە ئێران دوو بنکەی ئەتۆمی لە نەتەنز و ئەراک بە نهێنی خستۆتە گەڕ و بەم شێوەیە پەیمانی «ئێن پی تی» پێشێلکردووە. هاوینی هەمان ساڵ، UAEA، ئاسەواری یۆرانیۆمی پیتێندراوی لە هەندێک لە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران دۆزییەوە و لە ئاکامی مشت و مڕێکی چەند مانگیدا ئێران ڕازی کرا کە پرۆتۆکۆلێکی هاوپێچی پەیمانی ئێن پی تی واژۆ بکات. کۆتایی هەمان ساڵ، بریتانیا، فەڕەنسا و ئەڵمانیا، ئێرانیان هێنا سەر ئەو قەناعەتە کە واز لە خستنەگەڕی سانتریفیوژەکان بهێنێ و ڕێگە بە لێکۆڵەرانی ئاژانس بدا چاودێری بە سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانیدا بکەن. ساڵێک دواتر، UAEA، پارێزنامە ١٠٠٠ لاپەڕەیەکەی ئێرانی قەبووڵ نەکرد و ڕەخنەی توندی لە نهێنکاریی ئێران گرت. ئێران هەمان ساڵ، وازی لە هاوکاری ئاژانس هێنا و چالاکییە ئەتۆمییەکانی لە نەتەنز دەستپێکردەوە و ڕایگەیاند کە ڕێگە بە ئاژانس نادات ئاستەنگیی

بخاتە بەردەم پڕۆژە ئەتۆمییەکانی. ئەم دژکردەوەی ئێران، گوشاری دیپلۆماتیکی وڵاتانی ڕۆژئاوای بەدواوە بوو.

بە درێژایی ساڵەکانی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ی زایینی، کەش و هەوایەکی ئاڵۆز باڵی بە سەر پێوەندییەکانی نێوان ئەورووپا، ئاژانس و ئێران داکێشابوو تا ئەو کاتەی محەمەد خاتەمی ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی ئامادە نییە واز لە چالاکییە ئەتۆمییەکەی بهێنێ بەڵام ڕۆژئاوا دڵنیا دەکاتەوە کە پرۆژەکانی ئاشتیانەن و بە مەبەستی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی نییە. هەر لەو چوارچێوەدا، ڕێککەوتنێک لە نێوان تاران و مۆسکۆ واژۆکرا بۆ ئەوەی ڕووسیا سووتەمەنیی ئەتۆمی دامەزراوەی ئەتۆمیی بووشەهر، دابین بکات. هەر لە ساڵی ٢٠٠٥دا، دامەزراوەگەلێکی تری ئەتۆمیی ئێران بۆ وێنە لە ئەسفەهان ئاشکرابوو. ٤ی فێوریەی ٢٠٠٦، UAEA بڕیاریدا کە دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران ڕەوانەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بکات و لە بەرامبەردا، ئێران ڕایگەیاند کە دەست بە پیتاندنی یۆرانیۆم دەکاتەوە و پێوەندییەکانی لەگەڵ ئاژانس دەپچڕێنێ و پەیماننامە واژۆکراوەکان لەگەڵ ئێن پی تیش بە فەرمی ناناسێ. لە ٢٣ی دیسەمبەری ٢٠٠٦ کۆمەڵێک ئابلۆقەی ئابووری، لە لایەن نەتەوە یەگرتووەکانەوە بەسەر ئێراندا سەپا.

لەو قۆناخەدا، تورکیا لەلایەک هەوڵی دا خۆی لەگەڵ ڕۆژئاوا هاوئاهەنگ نیشان بدات و هاوکات ئێران هان بدات کە درێژە بە دیالۆگ لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا بدات. بەڵام ئەنقەرە بەردەوام دژایەتیی خۆی بەرامبەر بە سازکردنی چەکی ئەتۆمی لە لایەن ئێرانەوە نیشان داوە و ئەم یەکەی بە هەنگاونان بەرەو ئاڵۆزتر کردنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێناسەکردووە.

شـەڕی ئەمریکا و عێراق، بە قازانجی ئێران کۆتـایی پێهات و ئاوانتـاژێکی مەزنـی جیۆپۆلیتیکی بۆ ئەم وڵاتە خولقاند. ئەمـەیش نیگەرانییەکانی تورکیای لەمەڕ کاریگەریی ڕوو لە گەشـەی ئێران لە سـەر شـیعەکانی خـۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت زیـاتر کـرد، بەڵام سـەرەڕای تەواوی ناکۆکییەکـان، ئەگەری دامەزرانـی دەوڵەتێکـی سەربەخۆی کوردی، نیگەرانی هاوبەشـی ئەنقەرە و تارانە و هەر لە سەر ئەو بنەمـایەش، سـەرەڕای تەواوی ململانێ سیاسـییەکان، پێوەندییەکانی نێوان دوو لایەن بە چڕ و پڕی بەردەوامە.

## دەرەنجام

هەموو ئەم گۆڕانکارییانەی ئێستا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەو خێـراییە ڕوودەدەن ، ئەگەر ڕەگێکـی مێـژووی هەبێت ، دەتـوانین بڵێین لە سەرەتای دەرکەوتنی داعشـەوە تا ئێستا لە نـاو یـاری و سـیناریۆ و تاکتیکەکاندا، ئێران توانیویەتی وەک نوێنەری هیلالـی شــیعی باشــترین یــاری بکــات و هەمــوو گۆڕانکارییەکــان لە بەرژەوەندی خۆیدا بەکار بهێنێت.

خۆ ئەگەر ئەم دوو هێزە (تورکیـاو ئێران) بەدرێژایی مێژوو بەرجەستەکاری کۆی ڕووداوەکانی ناو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بـن و هەر یەکەیـان بریکـاری جەمسـەرێکی ئـایین بـووبێتن ، ئەوا لە دوای کەوتنــی ئیمپراتــۆرییەتی عوســمانی، تورکیــا بەردەوام لە خەونــی ئەوەدایە کە بگەڕێــتەوە بــۆ ســنوور و سیاســەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی. ئەگەر چی لە سەردەمی کەمال ئاتاتورک، ئەم خەونە بــو مــاوەی چەنــد ســاڵێک پاشەکشــەی کــرد، بەڵام ئەردوغانییەکان، خوازیارن ئەم ئاراستەیە بە شێوەیەک بگۆڕن کە ڕوو لە ئەورووپـا و سیسـتەمی دیموکراسـییەت بێـت، تـاوەکوو

بتوانن نوێنەرایەتی هیلالی سوننە بکەن لە بەرامبەر هیلالی شیعیدا. لێ کاتێک ، کە ناتوانن سنووری وڵاتەکەیان لە ئێستادا بگەڕێننەوە بۆ سەردەمی خەلافەت، هەوڵی پەیڕەوکردنی جۆرێک لە سیاسەت دەدەن کە بتوانن گۆڕانگارییەکان بە پێی خواستەکانی خۆیان ئاراستە بکەن. لەو بارەیەوە کە سەیری سیاسەتەکانی دەرەوەی تورکیا دەکەین جۆرێک لە دژایەتی تێدا بە دی دەکرێت، تورکیا لە لایەک دەخوازێت خۆی بگەیەنێتە یەکیتیی ئەورووپا و لە لایەکی دیکەشەوە لە هەوڵی زیندوو کردنەوەی ڕێبەرایەتیی جەمسەری سوننەیە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی. ئەم جۆرە سیاسەت کردنە لە دوای دەرکەوتنی داعش تورکیای تووشی دووالیزمێک کردووە کە درووستکردنی هاوسەنگییەک لەم نێوانە لە ئێستادا کارێکی ئەستەم و دژوارە. لە سووریادا داعشەکان ئەو پەیامە دەدەن بە تورکیا کە خۆی نەکات بە نوێنەری هیلالی سوننە و دەڵێن کە دەوڵەتی خەلافەت نوێنەرایەتیی سوننەی جیهان دەکات و بەردەوام دەبێت لەسەر فتوحاتەکانی. ئەمە خۆی ئەو ترسە دەخاتە دڵی تورکیاوە کە داعش هەڕەشەش بێت بۆ سەر تورکیا.

سەرباری ئەمانە تورکیا هەنووکەش لە ناوخۆدا لەگەڵ کێشەی کورد دەستەویەخەیە و ئێستاش لە ڕۆژئاوای کوردستان مژاری پەیەدەشی هاتۆتە سەر. ئەگەر تورکیا خوازیار بوو بە یارمەتی دانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا ڕۆژئاوای کوردستان لە سووریا داببڕێت و پەیوەستی جوگرافیای خۆی بکات، ئەوا لە کوبانیدا ئەم خەونەی بەتاڵ بووەوە، چونکە ئەو داعشەی کە تورکیا بە هەموو شێوەیەک یارمەتی دەدا تاوەکوو بتوانێت کوردەکانی ڕۆژئاوا شکست پێبهێنێت، لە کۆبانی کە بووە مودێلێک تووشی

چەقبەستوویی و وەستانێکی وەها هات کە هەموو مەزەندەکانی تورکیای کردە بلّقی سەر ئاو. ئەم هەڵوێستەی تورکیا دەرەنجامی نەرێنیی زۆری بۆ ئەم وڵاتە لێکەوتەوە و بووە هۆی ئەوەی نەک نەتوانێت یاریکەرێکی گۆڕەپانی سیاسیی ناوچەکە بێت، بەڵکوو بە هۆی پشتگیرییەکانی لە داعش لە ئاستی جیهانیدا تا ڕادەیەکیش ئەم وڵاتەی گۆشەگیر کرد. تا ئێرە تورکیا نەک هەر نەیتوانی سنوری دەسەڵاتی عوسمانی دووبارەبکاتەوە بەڵکوو ناچار کرا پاشەکشەیەکی کوشندەش بکات.

ئەگەر ئێران وەک نوێنەری هیلالی شیعی یاری کردبێت، دەتوانین بڵێین؛ سیاسەتەکانی ئێران و تورکیا لەم قۆناغەی ئێستادا بە تەواوەتی دژبەری یەک دەوەستن و هەندێک جاریش تا ئاستی ڕووبەڕوو بوونەوە دەڕۆن. لە دوای بەهاری عەرەبی و دەرکەوتنی داعش و هەڵوێستەکانی دوو وڵاتی هێشتا لە سەرپێی ناوچەکە، بەرامبەر بەم ڕووداوانە و بە تایبەتیش سووریا، ئاراستەی هێز و هاوپەیمانییەکان لە ناوچەکە و جیهان تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕانی بە سەردا هاتووە، ئێستا ناوە ناوە سەیر دەکەیت ئێران لە بەرەی هاوپەیمانیی دژی داعشە و تورکیا لە دەرەوەی ئەو هاوپەیمانییەیە. ئەمە وا دەکات ئێران باشتر بتوانێت وەک ئەکتەرێکی سەرەکیی گۆڕەپانەکە خۆ بنوێنێت و تورکیاش لە دەرەوەی ئەمە بمێنێتەوە.

ئەوەی لە سوریا شەڕی داعش دەکات، بە جۆرێک لە جۆرەکان گرێدراوی و پێوەندییەکیان بە ئێرانەوە هەیە. بەشار ئەسەد و سوپای ئازاد و یەپەگە ئەمڕۆ هاوپشتێکی گەورەی بەرەی دژە داعشن و ئەمریکا ناچارە مامەڵەیان لەگەڵ بکات، چونکە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ناتوانن شەڕی زەمینی بکەن و هێزی زەمینی

ڕەوانە بکەن، بۆیە دەبێ بەدوای هێزێکدا بگەڕێن کە بکەوێتە ناو ستراتیژی سەربازی هاوپەیمانانەوە بۆ تەواوکردنی ئەم پرۆسە سەربازییە، ئەو هێزەش یەپەگە و سوپای ئازادە. لەم نێوەندەدا ئێران تەواو یاریزانەنە مامەڵەی کردوە و هاوکاریی گەورەشی کردون بە ناردنی چەک بۆ یەپەگە لە ڕێی یەکێتی و بە ڕەزامەندی ئەمریکا.

لەم نێوەندەدا ئەوەی بەدی دەکرێت دژایەتییەکی قووڵی بەرژەوەندییەکانی دوو هێزی ئاست ناوەندی ناوچەکەیە، کە ئەگەر بەمشێوەیە بەردەوام بن و بەرەی ڕۆژئاواش سوور بێت لە سەر گۆڕینی نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و سەر لە نوێ دارشتنەوەی سیستەمی جیهانی بە ناوەندییەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا ناچارن زۆربەی ئەو پەیمانانەی بە درێژایی مێژووی ٥٠٠ ساڵی ڕابردوو بوونەتە هۆی گۆڕینی نەخشەی سیاسی و جوگرافیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ناوەندەکەی، واتا کوردستان، هەڵبوەشێننەوە. ئەمەش ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێک و بەردەوام و قووڵتر بوونی شەڕەکانی داعش و گریمانەی دەرکەوتنی هێزگەلێکی توندڕەوتری لێدەکەوێتەوە، کێ چووزانێ پێدەچێت ئەو ڕۆژە دوور نەبێت و هیچ شتێک بە ئاراستەی پێشبینی کراو دا نەچێتە پێش. با بزانین...

سەرچاوەکان:

**١- سعيد خرازى، تاريخچه روابط ايران و تركيه در دوره پهلوى،**

٢- عبدالرضا هوشنگ مهدوى، تاريخ روابط خارجى ايران از ابتداى دوران صفويه تا جنگ دوم جهانى، تهران، اميركبير، ١٣٧٥

٣- كاوه بيات، شورش كردها و تاثير آن بر روابط خارجى ايران، تهران، نشر تاريخ ايران، ١٣٧٤

٤- هاشم اشجعزاده، روابط ايران و تركيه ١٢٩٩ تا ١٣٢٠ (رساله كارشناسى)

5- Fahir Armaoğlu, 20. Yüzyıl Siyasi Tarihi (1914-1990), Cilt 1: 1914-1980, Ankara 1991